# "شۆلاوگەی وشە"

## (ڕەخنەیەك لەسەر وەرگێڕانی دیوانی حافز بە کوردی "تاڤگەی ئەوین" کاری عومبەر ساڵحی ساحێب)

کامران هەڵوەدا kjhalvada@gmail.com

وەرگێڕان سەلیقەیە، فەننە، هونەرە، گەمەیە یان هەر بەزم و ڕەزمێکە بە جێی خۆی، بەڵام هەرچی بێت کاتێك نووسرابوو "من در خانە هستم" ئەگەر بڕیارە بکرێتە کوردی دەبێ یەکێك لەم ڕستانە یان ڕستەیەکی نزیك لەوان هەڵبژێردرێ: "من لە ماڵێم- من لە ماڵۆم- هام لە ماڵۆ- وام لە ماڵۆ یا..." ئیتر حەق نییە بڵێی: "چ خانوویەکی بەرزە- گوڵ لە گوڵستانە- سەربان قیرەتاوە یان شتێکی وا!" یان خۆ ئەگەر واشت بە زارا هات حەقت نییە ناوی وەرگێڕانی لێ بنێی. منی نووسەری ئەم ڕەخنەیەش بڕوام بە خۆبەدەستەوەنەدانی شیعر بۆ وەرگێڕان نییە و ئەوەی دەڵێن وەرگێڕان خەیانەتە و تامی دەڕوا و ... لە لام ورتەورتێکی بێسەمەرە. لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەموو دەقێك وەرگێڕی خۆی هەیە بەڵام گەلێك دەق بێئەوەی وەرگێڕی خۆی تووش هاتبێ ئەوا هەر لە چاوەڕوانی دایە و ئاخۆ وێك کەون یا نا. وەك تاقە نموونەیەکی ناسراو ئەگەر مام هەژار خولکی خەییامی نەکردبا چلۆن ئاوا بێتەعارۆف سەری بە گەورەماڵ و وردەماڵی میللەتی کورددا دەکرد؟

عومەر کۆلیل بە خەیاڵ دیوانی گەورە شاعیری مرۆڤایەتی حافزی شیرازیی کردووە بە کوردی. بە چاوخشاندنێکی خێرا بەو بەرهەمەدا بۆت دەردەکەوێ کە یان حافز ئەو شتە نییە کە باسی دەکەن، یان زمانی کوردی هێند کۆڵەوارە شان لە شانی زمانی فارسیی حافز نادات یان خۆ وەرگێڕ پێی وا بووە لە خۆی زیاتر ڕەنگە کەس تاقەتی ئەوەی نەبێت ژوور بە ژووری دیوانی حافز بگەڕێ و سەر تاق و ڕفحەی بپشکنێ.

لەبەر ئەوەی بە بێبەڵگە نەدوێم وتارەکە دەکەمە چەندین بەش و بۆ هەر بەشە چەند نموونەیەك دێنمەوە. لەسەر نموونەکان شتێکی وا نانووسم چونکە زۆر چەلان هەر بۆخۆیان هاوار دەکەن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو وتارە پاش بەراورد کردنی ١٠٠ غەزەلی حافز لەگەڵ کوردییەکەیان نووسراوە و نەپەرژاومەتە سەر ٣٩٥ غەزەلەکەی دیکە. کوردگوتەنی: "لە هەشتێ مشتێ."

تێبینی: ژمارەی غەزەل و بەیتەکان بە خەتی تیرە جوێ کراونەوە و لە مابەین ژمارەی بەیت و میسرەعی ئاماژە پێکراودا خەتێکی لار دانراوە. بۆ نموونە نیشانەی ١-٥ واتە: غەزەلی ١ بەیتی ٥ . نیشانەی ٥-١/٤ واتە: غەزەلی ژمارە ٥ بەیتی ٤ میسرەعی ١. لەو شوێنانەی لە بەیتێکدا مەبەست هەر میسرەعێکی بووە، بەڵام بە تەنیا هێنانی و بێ میسرەعەکەیتر ڕەنگە شوبهە ساز کات، میسرەعی مەبەست نووسراوە و میسرەعی پێش یا پاش خۆشی لە کەوانە خراوە.

**قەڵتی یەکەم:**

**له هەندێ شوێندا کاك عومبەر هەر بە ئاشکرا هەڵەی کردووە و مانای وشەکانی لێ تێك چووە. ئەو چەشنە هەڵانە رەنگە لە رۆمان و چیرۆکدا هێندە زەرەر نەدەن و بکرێ چاوپۆشییان لێ بکەی، بەڵام لە شیعردا مەحاڵە بۆ چاوپۆشی بشێن. بۆ نموونە:**

- ۲-۲/۴: چراغ مرده کجا، شمع آفتاب کجا
- **گڕی شەمۆڵە لەگەڵ شەوقی ئافتاب لەکوێن! (حافز دەڵێ: ئەوانە یەك ناگرنەوە و زۆر لێك دوورن، بەڵام "لەکوێن"ی کوردی واتە: "بۆ گوم بوون؟"!)**
- ۳-۷: نصیحت گوش کن جانا که از جان دوست تر دارند/ جوانان سعادتمند پند پیر دانا را.
- **نەسیحەت بگرە گوێ گیانا کە لاوانی بەخت هاوەڵ/ وەکوو گیانی دەپارێزن قسەی پیرێ کە زانا بێ. (حافز پیری زانا و نەزانی نییە و ناڵێ پیرێ کە زانا بێت! هەر بە گشتی لە ئەدەبیات و مەعنەوییەتدا بە کەسێك دەڵێن پیر کە زانا بێت. پیری زانا دروستە و پیرێك کە زانا بێ - واتە شەرتی بۆ داندرابێ- هەڵەیە)**
- ۵-۱/۲: کشتی شکستگانیم ای باد شرطه برخیز.
- **کەشتی شکاوی عەشقم، سا دەی سەبا مورادێ. (بای شورتە واتە بای هاوڕێ، بایەك کە هاومەسیری کەشتی بێت و بەرەوپێشی بەرێ. بەڵام بای سەبا بە بای رۆژهەڵات دەگوترێ واتە باڕۆژ)**
- ۶-۱/۷: به خدا که جرعه‌ای ده تو به حافظ سحرخیز/ که دعای صبحگاهی اثری کند شما را.
- **بە خودا قومێ بە حافز سەحەرێ لە دەم کەرەم کەی/ لە دوعای دەم بەیانم سەمەرێ دەبەی بە بیرم. (تۆزێك ورد بوونەوەی گەرەکە جا دەردەکەوێ کە حافز دولبەر سوێند دەدات و کاك عومبەر سوێند بۆ دولبەر دەخوات!)**
- ۱۴-۱/۷: گفتم ای شام غریبان طره‌ی شبرنگ تو.
- **پێم وت ئەی شێوی غەریبان شەوڕەشی کاکۆڵەکەت! (شامی غەریبان بریتییە لە ئێوارێی عاشوورا، واتە کات نیشان دەدا، هەر وەك رەنگی زولفیشی پێ شوبهێنراوە. کاك عومبەر شامی بە چێشتی شەو داناوە!)**
- ۱۵-۱/۴: راه دل عشاق زد آن چشم خماری...
- **ئەو چاوە خوماریتە دڵی عاشقی لێدا! ("راه دل زدن" لە فارسیدا واتە "سەرەڕێ لێگرتن". بەڵام "دڵ لێدان" لە کوردیدا واتە "دڵ لێدان!!")**
- ۱۵-۲/۷: تا غول بیابان نفریبد به سرابت.
- **داوێکی بیاوانە لە دەس حۆلی نەیارا (حۆل بە واتای گێژ و نەفامە و مانای غوول نادا)**
- ۱۶-۲/۴: زمانه طرح محبت نه این زمان انداخت.
- **زەمانە نەخشی ئەمانی لە پێش ئەوانی خست. (خستن واتای بەردانەوە دەدا بەڵام** "طرح انداختن" **بە مانای هێنانە گۆڕێیە)**
- ۱۶-۳: به یک کرشمه که نرگس به خودفروشی کرد/ فریب چشم تو صد فتنه در جهان انداخت.

- **بە نازی دیدە کە بۆ خۆنوواندنی فەرمووی/ هەزار و یەك شەڕی هێنا لە نێو جەهانی خست. (بە پێچەوانەی زۆر شوێنی دیکە لەم بەیتەدا نێرگز بە مانای چاو نەهاتووە و تەنیا باس لە رقەبەرایەتیی چاو و نێرگز دەکرێ. حافز دەڵێ: لە داخی نێرگز کە کەشم و نەشمی بوو چاوی تۆ کارێکی کرد کە وڵاتی شێواند. کاك عومبەر نێرگزەکەی هەر وەلا ناوە!)**
- ١٧-١/٧: ماجرا کم کن و بازا که مرا مردم چشم...
- **مەگرە دی پەڵپ و بیانوو، وەرە وا خەڵکی دییەم... ("مردم چشم" یا " مردمک " واتە "بیبیلەی چاو". کاك عومبەر لە زۆر شوێنیتریشدا هەر بە "خەڵکی چاو"ی نووسیوە، تەنانەت لە ٥٦-١/٦ دا بە جێی "منظر چشم"یش هەر خەڵکی چاوی داناوە! هەر ئەو "منظر چشم"ە لە ٣٤-١/١ دا بۆتە مەردمی چاوم! هەر وەها بڕوانە: ٩١-١/١، ٩٥-٣ و...)**
- ١٩-١/٣: هر که آمد به جهان نقش خرابی دارد.
- **هەر کەسێ هاتە جەهان رۆڵی خراپێکی نووان! (حافز دەڵێ: ئەوەی هاتە دنیا لێی دەچێتە دەر و نامێنێتەوە. "نقش خرابی دارد" واتە وێنەیەکی ناجێگیری هەیە. کاك عومبەر نەقشی بە رۆڵ و خرابی بە خراپە داناوە!)**
- ٢٠-٢/٣: این چه عیب است بدین بی‌خردی وین چه خطاست.
- **بێخەبەربوون لە سەری خاو، مەگەر جورم و خەتان؟ (خەلیلی خەتیبی رەهبەر لە مانا کردنەوەی ئەم بەیتەدا "سر خام"ی هێناوە، واتە کاڵفام. دیارە مەنزووری کاك عومبەریش لە سەری خاو هەمان شتە!!)**
- ٢٥-١/٧: شکوه آصفی و اسب باد و منطق طیر.
- **وەزیری ئاسەف و ئەسپی سەبا و زمانی مەلات. (وادیارە "مەلات" واتە مەلەکان!)**
- ٢٦-٣: سرا فرا گوش من آورد و به آواز حزین/گفت ای عاشق دیرینه من خوابت هست؟
- **سەری هێنایە بناگوێم و بە دەنگێکی بە سۆز/ وتی ئەی عاشقی مێژینە شەوی خەو بەسە بەس! (حافز دەڵێ بە نەرمی پێی کوتم خەوت لێ دەکەوێ؟ نەك خەو بەسە بەس! ئەگەر بڕیار بوایە بە تووڕەییەوە مانیعی خەوتنی بێت دەبوو هەر لەسەر سەری راوەستابا و بینەڕاندبا نەك لە بنانگوێی و بە دەنگێکی بەسۆز وای کوتبا. "شەوی خەو"یش نەمزانی مەبەست چییە؟!)**
- ٢٩-٢: گر خمر بهشت است بریزید که بی دوست/ هر شربت عذبم که دهی عین عذاب است.
- **سەد جامی بەهەشتم بدەنێ تاڵە بە بێتۆ/ ساقیشم ئەگەر عازەوە هەر عەینی عەزاوە. (کاك عومبەر "عەزب"ی بە "عەزەب" خوێندۆتەوە. عەزب واتە روون و ساف و بێغەش کە سیفەتی شەرابە. کردوویەتی بە عازەو کە سیفەتی ساقییە و لە بەیتەکەی حافزدا نە ساقییەکە هەیە نە تەمەنەکەی!)**
- ٣٥-١/٢: میان او که خدا آفریده است از هیچ.
- **لەسەر دەمی کە خودا گوم لە چاوی دامەزران. (میان واتە کەمەر، بۆتە دەم!)**
- ٣٦-٦: همچو گرد این تن خاکی نتواند برخاست/ از سر کوی تو زان رو که عظیم افتادست.

- **هەر ئەوەن قورسە مەقامم کە لەگەڵ ئێوە دەبم/ ڕۆحی خاوەن پەڕ و باڵم لە فڕین بێخەبەرە. (حافز دەڵێ وەها تێك شکاوم ناتوانم هەستمەوە.** (عظيم افتادن: به سختی افتادن). **کاك عومەر دەڵێ مەقامم هێند قورس بووە! هەر بە نیوەنیگایەك ئاشکرا دەبێت کە حافز مەبەستی خۆ چکۆلە کردنە لە بەرامبەر مەعشووقدا، ئەوە نییە خۆی بە تەپوتۆز و خۆڵ دادەنێ.)**
- ۵۴-۱: زگریه مردم چشمم نشسته به خون است/ ببين كه در طلبت حال مردمان چون است.
- **مژۆڵی مەردمی چاوم گوڵۆپی گوڵگوونە/ گلاری مەردمی دیکەش لە گوێنی کاروونە! (حافز بە مەعشووق دەڵێ چاو لە من کە و بزانە کە ئەو خەڵکانەی تالبی تۆن حاڵیان چەن شڕە، واتە حاڵم چەن شڕە. ئیتر باسی خۆی و خەڵك نییە، هەر ئاماژە بە خۆی دەکا. تەنانەت بێعەدەبی ناکا و خۆی ناهێنێتە ڕیزەی عاشقانی و خۆشی هەر بە خەڵك دادەنێ وەمەردمی دیکەی تێدا نییە.)**
- ۶۰-۱/۶: گر باد فتنه هر دو جهان را به هم زند.
- **تۆفانی توندی فیتنە دوو عالەم بنێتە یەك. ("نانە یەك" واتە وێك خستن و هێنانە پاڵ یەك.** "به هم زند"**ی حافز واتە پێك دادان و وێران کردن، نەك پێکەوە لکاندن!)**
- ۶۴-۲/۱: زبان خموش و ليكن دهان پر از عربی است.
- **زمان بڕاوە وەلێ دەم بەهاری شیعری دەڕین! (دەری زمانی فارسییە نەك عەرەبی!)**
- ۷۵: خواب نرگس فتان تو بی چیزی نيست.. الخ
- **خەوی ئەو نێرگزە فەترانتە بێ شت نییە خۆ... تاد (ڕەدیفی ئەم غەزەلە** "بی چیزی نيست"**ە کە بە واتای "لە خۆڕا نییە"یە. کاك عومەر کردوویەتە "بێ شت نییە"!)**
- ۸۲-۱/۴: دور از رخ تو دم به دم از گوشه‌ی چشمم/ (سيلاب سرشك آمد و طوفان بلا رفت)
- **پەرژین لە روخی ئێوە لە ڕۆخی چەمی سیروان/ (لێڵاوی سرشکم وەکوو تۆفانی فەنا چوو). (حافز دەڵێ: دوور بێ لە تۆ یان لە دووری تۆ فرمێسکم بە لێشاو هات... فرمێسك ڕشتن و گریان لە لای عاشق و لە بەزمی دڵداریدا نەك هەر عەیب و عار نییە بەڵکوو نیشانەی خولووسیشە. بەڵام "پەرژین بێ" بۆ شتی پیس و عەیب و عار دەگوترێ.)**
- ۸۶-۱/۷: زين قصه هفت گنبد افلاك پر صداست.
- **ئەم عەشقە چەرخی حەو گومەزی پڕ لە ناڵە کرد. (لە کوردیدا حەوت گومەزمان نییە و دەڵێن حەوت تەبەقەی ئاسمان.)**

**قەڵتی دووهەم:**

**<u>کاك عومەر چەلی وایە هێندە لە وشە و مانای بەیت یان میسرەعەکە دوور کەوتۆتەوە کە ئەو شتەی ئەو نووسیویەتی هیچ لە وەرگێڕان ناچێ و بۆتە تەئلیف.</u> جا لەبەر چ هۆیەك بووە نازانم، ئاخۆ قەوەی بە وەرگێڕانی بەیت یا میسرەعەکەی حافز نەشکاوە یان هەر هی حافزی پێ باش نەبووە و بە خەیاڵ بۆی پینە کردووە؟ بۆ نموونە:**

- ۵-۲/۱۲: ساقی بده بشارت رندان پارسا را.

- **مەیگێڕ بێژە سۆق ئۆق درۆ وەشارێ!**
- ۱۳-۲/۴: راح چون لعل آتشین دریاب.
- **ماتڵی لەعلی سوورە شێخ و شەباب!**
- ۱۴-۲/۲: خانه پروردی چه تاب آرد غم چندین غریب.
- **من گوڵێ تاقانە ئێوەش پۆلی شەیدا عەندەلیب!**
- ۲۹-۲/۵: (معشوق عیان می‌گذرد بر تو و لیکن)/ اغیار همی بیند از آن بسته نقاب است.
- **(دڵبەر بە عەیان دێت و لە تۆ چێرە دەپۆشێ)/ چون زێڕی ئەوینی دڵی تۆی قەڵبە بە لاوە. (میسرەعی دووهەم پێوەندییەکی بە میسرەعەکەی حافزەوە نییە. تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملیش بڵێین یەکێك لە ماناکانی میسرەعەکەی حافز ئەوەیە هێشتان حەق نیە وا بنووسرێت چونکە ئەوە نابێتە وەرگێڕان، دەبێتە تەفسیران!)**
- ۳۱-۲/۹: زاغ کلک من به نام ایزد چه عالی مشرب است.
- **چاوی دژ دەربێ خەتی تاریکی وەك زوڵفی شەوە!**
- ۴۲-۶: از برای شرف به نوک مژه/ خاک راه تو رفتنم هوس است.
- **لە هەواتا بە لەعلی فرمێسك/ گوڵی نەخشین رواندنم بە دڵن!**
- ۵۵-۵: عجب علمی است علم هیات عشق.
- **چ سیحراوین یاڕەب چەرخی چاوی!**
- ۶۹-۲/۳: (روی تو مگر آینه‌ی لطف الهی است)/ حقا که چنین است و در این روی و ریا نیست.
- **(جامێکە خودایی بە یەقین پرووەتی روونت)/ ئەلحەق وەکوو جامی غەزەلم خڵتی تیا نین!**
- ۸۰-۲/۱: که گناه دگران بر تو نخواهند نوشت.
- **تۆ بەهەشتی بە، جەحانم بەشی گەند و دەغەڵە!**
- ۸۹-۲/۵: ما با تو نداریم سخن خیر و سلامت.
- **وەك یەك نییە فرمێسکی غەم و ئەشکی هەڵامەت! (ئەڵبەتە نیشانەی بەرچاوی هەڵامەتیش چڵمەشۆڕەیە نەك ئەشك!)**
- ۹۴-۹: این راه را نهایت صورت کجا توان بست/ کش صد هزار منزل بیش است در بدایت.
- **بێ‌تاقەتی لە پێشا عاشق خەتەر لە پێشە/ بەسراوە رێگە عەقڵێ لەم رێگەدا نیهایەت!**

**قەڵتی سێهەم:**

**لە زۆر شوێناندا بەیتەکانی حافز چەندلا و چەندمانان و وردەکارییان تێدا کراوە. تەنانەت هەندێك لەم چەشنە بەیتانە لە لای زانایانی ئەدەبی و حافزناسان بوونەتە جێی مشتومڕ و چەلی وایە وتار و دژوتاریان لەسەر نووسراوە. واتە هەمیەتی ئەو بەیتانە زۆر لەوە زیاترە کە هەر وا سەرسەرەکی وەرگێڕدرێن و ناوبۆش کرێن. دەبێ وەرگێڕی کارامە حەکمەن وریای ئەم بەیتانە بێت چونکە لایەنێکی سیحراوی بوونی زمان و شیعری حافز بەو بەیتانەوە بەندە. بۆ نموونە:**

- ۱۴-۶: بس غریب افتاده است آن مور خط گرد رخت/ گرچه نبود در نگارستان خط مشکین غریب.
- **وەك سەڤ مێروو قەتارەی خەتت و خاڵت سەیرە سەیر/ خەتتی میشکین بۆ بەهاری رووت ئەگەرچی زیبە زیب! (حافز لەم بەیتەدا ئاماژە بە نیگارکێشانەوە لە سەردەمی خۆیدا دەکات و دەڵێ بوونی خەتی رەش لە نیگارستاندا سەیر نییە و ئاساییە، لە رووی ئەم بەیتەوە دەڵێن دەبێ لەو سەروبەندەدا نیگارکێشی بە قەڵەمی رەش باوتر بووبێت لە نیگاری رەنگی. دیارە ئەوە هیچ حوکمێك نییە بەڵام ئەگەر ئەوەشی لێ دەرچێت و بە هێند نەگیرێت هێشتان وەرگێڕانی میسرەعی دووهەم حالەتی تەفسیری هەیە).**
- ۲۲-۷: چنین که صومعه آلوده شد ز خون دلم/ گرم به باده بشویید حق به دست شماست.
- **وەها شەڵاڵە لە خوێنی دڵم، مزەوتی گەڕەك/ بشۆن ئەگەر بە شەرابم، گەلێ رەوان و رەوان. (حافز دەڵێ پەرستگە بە خوێنی دڵم رەنگاوە چونکە دڵم لەبەر ریا و درۆ و دەلەسە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بۆ شوشتنەوەی خوێنیش دیارە دەبێ ئاو لە کار کرێ بەڵام ئەگەر من بە شەرابیش وسڵ دەن حەقتان بە دەسە. واتە لە لایەکەوە دەڵێ ئێوە لەسەر حەقن و لە لایەکەوە دەڵێ من حەقم - اناالحق - و بە دەس ئێوەوەم!. حەیف نییە ئەم تەڕە بەیتە بشەمزێت؟)**
- ۲۹-۹: حافظ چه شد ار عاشق و رند است و نظرباز/ بس طور عجب لازم ایام شباب است.
- **حافز! چییە بەم عاشقی و بەزمە کە کەوتووی/ ئەم گەنجە لە بۆ گەنجە، نە پیرێکی چەماوە. (زۆر چەلان بەیتێك گرێپووچکەیەك دەکاتەوە، ئەم بەیتە لەوانەیە. لە فارسییەکەیدا حافز پاکانە بۆ عیشقبازی خۆی دەکا چونکە گەنجە. لە کوردییەکەیدا سەرکۆنەی خۆی دەکات چونکە پیرە! و ئەو ئاکارانە لە پیر ناوەشێتەوە. بێگومان ئەو بەیتە نیشانەیەکە بۆ کوتنیی ئەم غەزەلە لە دەورانی هێشتا گەنجێنتیدا. بەڵام کاك عومبەر بردوویەتە دوایین ساتەکانی ژیانی حافز.)**
- ۶۲-۲/۱: (مرحبا ای پیک مشتاقان بده پیغام دوست)/ تا کنم جان از سر رغبت فدای نام دوست.
- **ئافەرین پەیکی بەشارەت بۆم بلێ پەیغامی دۆس/ تا بکەم گیانم بەڵاگەردانی هۆش و فامی دۆس. (لە میسرەعی دووهەمدا "ناوی دۆس" کراوەتە "هۆش و فامی دۆس". رواڵەتەن شتێکی ئەوتۆ نەقەوماوە بەلاَم با لێ ورد بینەوە: لە دڵداریی بەڕاستیدا، واتە لە دنیای تایبەتیی عاشق و مەعشووقدا هۆش و فام نەك هەر هێندە گرینگ نین کە بەڵاگەردانیان بی بەڵکوو تەنانەت دژی ئەو فەزایەشن. بیرمەندێك دەڵێ: یەکەمین تیشکاوێژییەکانی ئەوین دواهەمین زەردەی عەقڵە! واتە کە ئەوین هەڵهات عەقڵ ئاوا دەبێ. یەکێك لە خەسلەتەکانی دڵداری ئەوەیە کە رەنگە عالەم هیچ شتێکی وەها بەرچاو لە دڵبەردا شك نەبەن بەڵام لە چاوی دڵدارەوە ئەو لە هەموو عالەم سەرترە. هەڵبەت باسی سەرتربوونی هۆش و فام نییە، چونکە عاشق دنیای لێبوردنی بۆ مەعشووق هێندە پان و بەرینە کە هیچ کردەیەکی ناحەزیشی ناحەز نابینێت، بۆیەش عاشقی و شێتی سنوورێکی زۆر تەسکیان هەیە، کە وایە دڵبەر بە خاوەنی هۆش و فام لەقەڵەم نادرێ بەڵکوو دڵدارە کە رۆحی لێبوردوویی فرەوانتر بووە. لەسەر ئەم بابەتە دەکرێ زۆر بنووسرێ بەڵام بۆ ئێرە نابێ.)**
- عشقت رسد به فریاد ار خود به سان حافظ/ قرآن زبر بخوانی در چارده روایت.

- **عاشق دەگەی بە دڵبەر بێت و بە چەشنی حافز/ قورئان لەبەر بخوێنی هەر چاردە رەوایەت. (حافز دەڵێ تەنانەت ئەگەر بگەیتە مەرتەبەیەك كە بە چاردە ریوایەتیش قورئانی پیرۆز لەبەر بخوێنیتەوە هێشتاش هەر عیشقە كە وەفریات دەكەوێ. شاملوو پەردەی لەسەر رازی ئەم بەیتە لاداوە و دەڵێ لە هیچ شوێنێكی قورئاندا وشەی عیشق نەهاتووە!! بێتوو كەسێك ئاگاداری ئەم لێكۆڵینەوانە نەبێت لە باری ئەدەبیی ئەم چەشنە بەیتانە زۆر كەم دەكاتەوە.)**

## قەڵتی چوارەم:

**<u>بە پێچەوانەی ئەو خاڵەی سەروو لە هەندێك شوێندا مانای بەیتەكە زۆر روون و ئاشكرایە بەڵام كاك عومبەر تەواو لێڵی كردووە</u> و خستوویەتە سەر بارێكی نابار. بۆ نموونە:**

- ١١-٢/٣: ثبت است بر جریدەی عالم دوام ما.
- **تۆمارە ناوی ئێمە لە سینگی مەرامی مە!**
- ١٦-٢/٥: چو از دهان توام غنچە در گمان انداخت.
- **كە غونچە سەد لە دەمی تۆم بە دڵ گومانی خست!**
- ٢٦-٢/٢: نیم شب دوش بە بالین من آمد بنشست.
- **نیوەشەو هاتە سەرینم مەس و زانا بە مەبەس! ("بنشست" بۆ بۆتە مەس و زانا بە مەبەس؟!)**
- ٤٢-٢/٧: شعر رندانە گفتنم هوس است.
- **هەڵبەسی دڵ تەزاندنم بە دڵێ! (بۆ ئاگاداری خوێنەرەوە بڵێم كە هەڵبەستی ریندانە دڵ دەگەشێنێتەوە، نایتەزێنێ!)**
- ٤٨-٢/٧: ترسم این نكتە بە تحقیق ندانی دانست.
- **ئایەتی وایە فەقەت گیانی مەعانی زانێ!**
- ٧٢-٢/٥: هر دیدە جای جلوەی آن ماهپارە نیست.
- **هەر چاو، چاوی دیتنی ئەو ماهوارە نین! (ئەوە لەسەر چ بنەمایەكی دەستووری زمانی كوردییە؟)**
- ٩٥-٥: و گر رسم فنا خواهی كە از عالم براندازی/ برافشان تا فرو ریزد هزاران جان ز هر مویت.
- **قەڵاچۆی عالەمیشت گەر لەسەردا بێ منیش ئەڵبەت/ وەكوو جاران خەفەتباری پەرێشان كردنی مووتم!. (دیارە كاك عومبەر چاكی بۆ نەچووە و هەر ئەو چاك نەچوونەش وای كردووە بە لێڵی بیهۆنێتەوە. حافز دەڵێ: ئەگەر گەرەكتە رەسمی فەوتان لەسەر زەوی هەڵگری زولفت پەرێشان كە با گیانی زیندووی عاشقانی لێ داكەوێتە خوار. واتە دەڵێ عاشقان كوژراوی زولفی تۆن یان ئەوەی كە دڵی زیندووی عاشقان ژیان بە زەوی دەبەخشێتەوە. كاك عومبەر بە "براندا‌ختن عالم"ی تێگەیوە بۆیە دەڵێ: قەڵاچۆی عالەمیشت گەر لەسەردا بێ!... واتە راست بە پێچەوانەی حافز)**

## قەڵتی پێنجەم:

**<u>جاری وایە هەر بە لێڵ كردنی بەیتەكەوە نەوێستاوە و زمانی ساكار و نەرمونیانی حافزی رەمزاوی كردووە و گرێپووچكەی داوە و تەشبیە و مەشبیهی بۆ دروست كردووە.</u> لەو كارەدا تەنانەت ئەگەر بە هەڵكەوت**

**سەرکەوتووش بووبێت زاتی کردەوەکە باش نییە. چونکە بڕیارە شیعری حافز وەربگێڕدرێ نەك بنەخشێندرێ. بۆ نموونە:**

- ۱۰-۱/۴: عقل اگر داند که در بند زلفش چون خوش است.
- **عەقڵ ئەگەر دەیبوو خەبەر چەن خۆشە بۆ دڵ داوی شەو! (داوی زولف بۆتە داوی شەو!)**
- ۱۴-۴: ای که در زنجیر زلفت جای چندین آشناست/ خوش فتاد آن خال مشکین بر رخ رنگین غریب.
- **وەی کە خاڵی رەش لە رۆمی روو چەنێ خۆش خەوتووە/ ئەی لە زەنجیرەی حەبەشتان ئاشنا دیلن عەجیب. (زولف بۆتە حەبەش و روخساری رەنگین بۆتە رۆم!)**
- ۲۲-۵: مرا به کار جهان هرگز التفات نبود/ رخ تو در نظر من چنین خوشش آراست.
- **هەتاوی کوڵمەکەتی گەر جەهان لەسەر نەدەکەوت/ گەرم نەدەبوو نەزەری دڵ بە رێبەنانی جەهان.**
- ۲۴-۴: کمر کوه کم است از کمر مور اینجا/ ناامید از در رحمت مشو ای باده پرست.
- **کەمەری کێو نییەتی تاقەتی باری کەمەرم/ عاشقی مەستم و دڵ هێز و وزەی لوتفتی پێن!**
- ۲۸-۲/۵: چو لاف عشق زدی سر بباز چابک و چست.
- **کە ماڤ تۆ نییە، عاشق بە لاڤ یار دەڕۆن!**
- ۷۱-۱/۳: تا چه بازی رخ نماید بیدقی خواهیم راند.
- **شا روخی سووتا بە ئاخی ناخی سەربازی گەرووم!**

## قەڵتی شەشەم:

**جاری واشە پوختایی بەیتەکەی حافزی بۆ رانەگوێزراوەتە سەر زمانی کوردی و تەفسیرەکەی نووسیوە، کە بەم کارە بەیتی خەستوخۆڵی حافزی تراو کردۆتەوە. زۆر چەلان شیعری کلاسیك بەو وێچواندن و خوازە و وێنە و رازاندنەوەیەوە جوانە و هیچیتری تێدا نییە. (دیارە پێویستە نەخشی شاعیر بن نەك وەرگێڕ) کە ئەوانە نەمان نزیك دەبێتەوە لە قسەی ئاسایی. بۆ نموونە:**

- ۹-۱/۴: ای که بر مه کشی از عنبر سارا چوگان.
- **تۆ کە کێشاتە لەسەر روو خەتی سومبولّ.. (حافز روخساری یاری بە مانگ چواندووە و ئەگریجەی لوولیشی بە چەوگانێك کە لە عەنبەر ساز کراوە. کاك عومبەر مانگەکەی دەر کردووە و روخسارەکەی داناوەتەوە و چەوگانی عەنبەرینیشی کردۆتە خەتی سومبولّ!)**
- ۷۹-۲/۷: که آگه است که تقدیر بر سرش چه نوشت.
- **کە ئەهلی جەننەتە هەرچەن گوناحی زۆرە هەزار!**
- ۸۱-۲/۱: ناز کم کن که در این باغ بسی چون تو شکفت.
- **ناز مەفرۆشە، بە ئەم باخە دەڵێن باخی ژووان!**
- ۸۱-۳: گر طمع داری از آن جام مرصع می لعل/ ای بسا دُر که به نو ک مژەات باید سُفت.
- **تا لە مل کیژی مژۆڵت نەکەی ئەسرینی شەوەق/ دەس لە مل کیژی رەز و ماچی بزەی لەعلی کووان؟! (دیارە حافز هیچ مەبەستی ئەسرینی شەوق نییە و ئاماژە بە دەردی فیراق و گریانی زۆر**

دەکا. وشەی شەوقیش لەبەر ئەوەی رێك بێ کراوەتە شەوەق! دەس لە مل کیژی مژۆڵ کردنیش بۆ رازاندنەوەی بەیتەکەی حافزی بەستزمان دانراوە! بەگشتیش وەك ئەوەی هەر کاك عومبەر ئەو مەتەڵەی هەڵدابێ مانای بەیتەکەی کردۆتە شیعر و لە شیعرێتی خستووە)

**قەڵتی حەوتەم:**

**جاری وایە بە تەفسیریشەوە نەوێستاوە و بۆخۆی شتی لێ زیاد کردووە و بە عیبارەتێك ویستوویەتی نیشان بدا کە ئاوا خۆماڵی دەکەم و رامیان دەکەم! شتی سەیری هێناوەتە ناو شیعری حافزەوە. لەبیرمان بێت کە جاری وایە کێشە و هەرای نێوان زانایانی بواری ئەدەبی لەسەر ناسینەوەی تاقە غەزەلێك و حەول دان بۆ دۆزینەوەی خاوەنەکەی دێتە سەر سەبکی شیعرەکە و سەر ئەو وشە و عیبارەتانەی کەڵکی لێ وەرگرتوون. بۆ نموونە ئەگەر لە بەیتێکدا سێ وشەی عەرەبی هاتبێ هەرچەند تەواو حەماسیش بێت زۆر مەحاڵە بڵێن هی فیردەوسییە، چونکە ئەو لە باقی دیوانەکەیدا نموونەی دیکەی وای نییە. بەڵام بۆی هەیە بڵێن هی سەعدییە هەرچەند شاعیرێکی حەماسیش نەبێ چونکە زمانەکەی  تەواو پاڵی وە زمانی عەرەبییەوە داوە. بە کورتی حەق نییە لە وەرگێڕاندا بە مەیلی خۆت شتی ئاوا زەق زیاد کەی، لە کاتێکدا هیچ لزوومێکیش نەبێت. (لەسەریان نانووسم چونکە قسەی ناوێ!):**

- ٣-١و٢: اگر آن ترک شیرازی به دست آرد دل ما را/ به خال ندوش بخشم سمرقند و بخارا را/ بده ساقی می باقی که در جنت نخواهی یافت/ کنار آب رکناباد و گلگشت مصلی را.
- **کە بێت و شۆخی کورسانی لەگەڵ ئەو دڵمەدا رابێ/ سنە و سابڵاخ و سەقز قیمەتی خاڵی رەشی نابێ/ دە ساقی جامی باقی بێنە فیردەوسی بەرین رەنگە/ قەراخی حەوزی بۆکان و سەکۆی مزگەوت و میرزا بێ. (!!)**
- ٥-١٢: خوبان پارسی گو بخشندگان عمرند.
- **عومری لە نۆ دەبەخشن شۆخانی شۆخانی کوردەواری! (شۆخانی کوردەواری!)**
- ٢٥-١: شکفته شد گل حمرا و گشت بلبل مست/ صلای سرخوشی ای صوفیان بادەپرست.
- **کەنینی سوورەگوڵە و هەی بەنازی بولبولی مەست/ شرین بەهارە دەبیسم لە شێخی بادەپەرەست! (هەی بەناز- شرین بەهارە!)**
- ٣١-٢/٤: تاج خورشید بلندش خاک نعل مرکب است.
- **تاجی شیرینی هەتاوم خاکی بەرپێی خوسرەوە! (بە زۆری شیرینی تێترینجاندووە و وڵاغەکەی دەر کردووە و خەسرەوی بە جێ داناوە!)**
- ٣٩-٢/١٠: (حافظ چه طرفه شاخ نباتی است کلک تو)/ کش میوه دلپذیرتر از شهد و شکر است.
- **(حافز لە کامە باخە قەڵەم خەتتی وا بەری)/ شیرین وەکوو نەبات و خەڵاتی جەماوەرە. (خەڵاتی جەماوەرە!)**
- ٤١-١/٧: عراق و فارس گرفتی به شعر خوش حافظ.
- **هەرات و فاریسی گرتووە شیعری تۆ حافز! (هەرات!)**
- ٥٢-٣: یار من باش که زیب فلک و زینت دهر/ از مه روی تو و اشک چو پروین من است.

- **دڵبەری من بە کە تۆ فەڕی سوڕەییای لە ژوور/ زینەتی کوڵمی زەوی لۆستری پەروینی منە! (لۆستر!)**
- ٥٤-١: زگریه مردم چشمم نشسته به خون است/ ببین که در طلبت حال مردمان چون است.
- **مژۆڵی مەردمی چاوم گوڵۆپی گوڵگوونە/ گلاری مەردمی دیکەش لە گوێنی کاروونە! (گوڵۆپ – کاروون!)**
- ٥٥-٣: زچشم شوخ تو جان کی توان برد/ که دایم با کمان اندر کمین است.
- **بە تیری تیژی ئەبرۆی چون کەوانی/ کەمینی گرتوون لەو گۆمەشینە! (گۆمەشین!)**
- ٦٥-٢/٣: غمخوار خویش باش غم روزگار چیست.
- **غەمخۆری گیانی خۆ بە! فرانك و دۆڵار چین! (بە لای منی حافزدۆستەوە ئەوە گەمە بە شیعری حافز کردنە نەك وەرگێڕانی. تەنزاوی کردنی شیعری حافزە نەك نەخشاندنی. غەمی رۆژگار لە لای حافز غەمێکی داگر و هەمەلایەنە. غەمێکی بێقالب و پێناس هەڵنەگرە. فرانك و دۆڵار چین؟! تەنانەت ئەگەر کاك عومبەر کەشفیشی کردووە کە حافز غەمی پووڵ و پارەی خواردووە پێویست بوو ناوی پووڵ و پارەی ئەوان دەمانی حاکمانی شیرازی هێنابا نەك هی لەندەن و واشنتۆنی ئێستا!)**
- ٧٣-١/٩: شیر در بادیه‌ی عشق تو روباه شود.
- **لەو بیاوانە ئەوین راوییە، کەروێشکە پڵینگ! (وەك کورد شێر و رێوی نەبێ وایە!! کراونەتە کەروێشك و پڵینگ!)**
- ٨٢-١/٤: دور از رخ تو دم به دم از گوشه‌ی چشمم...
- **پەرژین لە روخی ئێوە لە رۆخی چەمی سیروان! (سیروان!)**

## قەڵتی هەشتەم:

**بەشێك لە بەیتەکانی حافز وەك مەسەلیان لێ هاتووە و بەسەر زارانەوەن و ئەدیبان بۆ گەیاندنی پڕ بە پێستی مەبەستیان پەنای بۆ دەبەن و کەڵکی لێ وەردەگرن. هێزی وەرگێڕانی کاك عومەر لە رووی ئەو بەیتانەوە کە بەر گوێی زۆربەی ئەدیبان کەوتوون زوو دەردەکەوێ. ئاخۆ توانیویەتی زەرافەتەکانی زمان و پوختایی مانا و لێك و لووسی بەیت و میسرەعەکان راگوێزێ و تام و بۆیان لە تام و بۆی ناو ماڵەکەی حافز بکات؟ بۆ نموونە:**

- ٥-٦: آسایش دو گیتی تفسیر این دو حرف است/ با دوستان مروت، با دشمنان مدارا.
- **رزگاری هەر دوو عالەم دوو خاڵە مەشقی ژینی/ بۆ یار خۆشەویستی، رێ چوون لەگەڵ نەیاری.**
- ٣٧-٢: غلام همت آنم که زیر چرخ کبود/ زهرچه رنگ تعلق پذیرد آزاد است.
- **غوڵامی سەروی رەوانم کە سەوز و سەربەرزە/ کەنیزی رەنگ نەبوو وا هەمیشە ئازادە.**
- ٤٨-٢: قدر مجموعه گل مرغ سحر داند و بس/ که نه هر کو ورقی خواند معانی دانست.
- **قیمەتی دەفتەری گوڵ بولبول ئەزانێت چەنێ/ کەی هەموو کۆلکە مەلایێ لە بەیانی زانی.**
- ٦٦-٧: قلندران حقیقت به نیم جو نخرند/ قبای اطلس آن کس که از هنر عاریست
- **قەڵەندەرانی دڵاوا لەتێکی جۆ نادەن/ بە تەخت و ئەفسەری شایێ کە حۆلی سەردارین.**

**قەڵتی نۆیەم:**

**وەرگێڕی هەر دیوانێك هەر لە هەوەڵ هەنگاوەوە پێویستە ڕێچکەی خۆی هەڵبژێرێت و ملی ئەو ڕێیە بگرێ، نەك ئەوەی کە تاوێك لەم بارە بێ و ساتێك لەو بارە. وەرگێڕ هەیە بڕوای بە وەرگێڕانی وشە بە وشەیە و هی واشە وەرگێڕانی ئازادی لە لا پەسندترە. ڕەنگە هەر کامیشیان بەڵگە و قسەی خۆیان لەسەر بڕوای خۆیان هەبێت. بەڵام نەك هەر جوان نییە بەڵکوو دەبێتە بەڵگەیەك لەسەر نابەڵەدیی وەرگێڕ ئەگەر لە دیوانێك یان بگرە هەر لە غەزەلێکیشدا هەر بەیتەو لەسەر هەوایەك بێت. ئەوە سەر لە خوێنەرەوەش دەشێوێنێ و ڕێگەی چوونە ناو بابەتەکەی لێ دەگرێت. کاك عومبەر هەر بۆخۆشی لە لاپەڕەی حەوتدا فتووا دەدا و دەڵێ: "لە غەزەلی حافز و کەسانێ وەکوو ئەو، وەرگێڕاندنی ڕاستەوخۆ کارێکی نەگونج و تەنانەت ناحەزە و ڕەنگە شان و شکۆی شیعرەکەش بخزێنێ. هەر بەم بۆنەوە لەم کارە خۆم پاراستووە..."، کە خۆشی نەپاراستووە و لە هەر شوێنێکدا قەوەی بە بەیتەکە شکاوە و وشەی دەس کەوتووە و هەواکەی بۆ هاتۆتەوە ئەوە لەسەر یاسای وشەبەوشە کاری کردووە - کە جاری وایە شتێکی سەیریش دەرچووە!- و لە هەر شوێنێکدا وشەی دەس نەکەوتبێ یان دەرەقەت نەهاتبێ یان هەر مەیلی نەیکێشابێ کەوتۆتە سەر باری وەرگێڕانی ئازاد. بۆ نموونەی وشە بە وشە:**

- ٢-١/٥: چو کحل بینش ما خاک آستان شماست.
- **کلەی گلاری مە خاکی بەر ئاستانەکەتە.**
- ۴-١/٥: ندانم از چە سبب رنگ آشنایی نیست.
- **چ هۆیە بێژە کە بۆ ڕەنگی ئاشنایی نین!**
- ٣/٣٠: شیدا از آن شدم کە نگارم چو ماه نو/ ابرو نمود و جلوەگری کرد و رو ببست.
- **شەیدام ئەمێستە بۆیە گوڵم عەینی هەیڤی نۆ/ ئەبرۆی نووەند و جیلوەگەری کرد و بەستی ڕووی.**
- ۴١-٣: در آستین مرقع پیالە پنهان کن/ کە همچو چشم صراحی زمانە خونریز است.
- **وەشارە بادە لە بن باخەڵی لە پینە پڕت/ کە چەشنی چاوی سوراحی زەمانە خوێن خێزە.**
- ۴۵-۶: دلم امید فراوان بە وصل روی تو داشت/ ولی اجل بە رە عمر رهزن امل است.
- **بە وەسڵ و دیتنی بەژنت فرەم ئومێد هەبوو/ وەلێ لە ڕێی تەمەنا ڕێگری ئەمەل ئەجەڵە. (لەم غەزەلەدا تەنانەت قافییەکانیشی نەگۆڕیوە هەرچەند مەجبوور بووە غەزەل و عەمەل و ئەجەل و زوحەل و ئەزەل بە لامی قەڵەو بنووسێ!)**
- ۴٩-١٣: حافظ ار آب حیات ازلی می‌خواهی/ منبعش خاک در خلوت درویشان است.
- **حافز ئەر ئاوی ژیانی ئەزەلت ئارەزووە/ چەشمەکەی خاکی دەری خەڵوەتی دەروێشانە.**
- ۵۶-٣: تو و طوبی و ما و قامت یار/ فکر هر کس بە قدر همت اوست.
- **فیکری هەر کەس بە وەزنی هیممەتی خۆی/ تۆ لە تووبایە، من لە قامەتی یار.**
- ٧١-۶: فرصت شمر طریقەی رندی کە این نشان/ چون راه گنج بر همه کس آشکاره نیست.
- **شێوەی ژیانی ڕەندی لەبەر بگرە چونکە ئەم/ سامانە سەربەمۆرە بە ڕەندان غەوارە نین.**
- ٨٨-٨: بە مهلتی کە سپهرت دهد ز راه مرو/ تو را کە گفت کە این زال ترک دستان گفت.

- به مۆڵەتێ کە فەلەك دایەتی لە خشتە مەچۆ/ مەگەر کەسێ وتی ئەم زاڵ دەس لە وەستانە.
- ۹۰-۱۰: حافظ سرود مجلس ما ذکر خیر توست/ بشتاب هان که اسب و قبا می‌فرستمت.
- حافز نەوای کۆڕی مە یادی بەخێری تۆن/ زووتر وەرن کە ئەسپ و کەواتان بەرێ دەکەم.

**قەڵتی دەیەم:**

کاك عومبەر بە ئارەزووی خۆی لە دوا بەیتی بەشێك لە غەزەلەکانی حافزدا ناوی حافزی گۆڕیوە. دەبێ لە بیرمان نەچێت کە ئێمەی خوێنەرەوە و خەڵکانی وەك ئێمە بە حافز دەڵێین خاجە و بە سەعدی شێخی ئەجەلل و بە شێرکۆ ئیمپەراتۆری شیعر و بە پەشێو شاعیری یاخی، خۆ ئەوان خۆیان بە خۆیان وا ناڵێن! دوا بەیتی غەزەل کە ناوی شاعیری تێدا دێ قسەی شاعیرە و حەقمان نییە بە ئارەزووی دڵ بیگۆڕین و قسەی لە زار نێین. زۆر چەلان ئەوە وەك بەڵگەیەکی لێ دێت و پێی دەسەلێنرێت کە فڵانە غەزەل هی فڵانە شاعیرە یان نا. بۆ نموونە هێمن دەڵێ: "...لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە." ئەگەر کابرایەك بیفارسێنێت ئایا دەکری بڵێ: "سزاوار گوشهای تو شعر شاعر ملی است!!؟"

- ۴۶-۱/۱۱: حافظ منشین بی می و معشوق زمانی.
- وا جەژنی بەهارە و رەمەزان خاجە لەگەڵ یار! (خاجە!)
- ۵٦-۱/۱۱: فقر ظاهر مبین که حافظ را
- بە رواڵەت هەژارە خاجە دەنا! (خاجە!)
- هەر وەها بڕوانە غەزەلەکانی ژمارە: ۷۹ و ۸۷ و...

**قەڵتی یازدەهەم:**

دواهەمین بەیتی وەرگێڕانەکەی کاك عومبەریش شتێکی ناوازە و زۆر جالبە! بەیتێکی خۆی لە هەر کام لە غەزەلەکانی حافز زیاد کردووە و بەم جۆرە مۆری خۆی لێداوە کە نەکا کەس لێی بڕفێنێ! (هەڵبەت غەزەلی واش هەیە بەیتی لێ زیاد کردبێ و نێوی خۆی لە بیر چووبێ - وەك غەزەلی ژمارە ۳۰ -، کە واتە هەر یەکسەر بەیتێکی بە غەزەلی حافزەوە لکاندووە بێ ئەوەی مۆری لێدات! دیارە دواتر دەبێ توێژەروان بکەونە ناسینەوە و لێك کردنەوەی بەیتە پەڕەوازەکانی کاك عومبەر!) بۆ تاریفی ئەو بەیتانەش لە لاپەڕەی پێنجدا دەڵێ: "... سەر لێ شێواو نین و ڕچە و ڕێبازەکەی خاجەیان لە هەر ڕوانگە و بابەتێکەوە لێ تێکنەچووە." ئەوە بە لای منی شیعردۆست و حافزدۆستەوە نەك هەر جوان نییە بەڵکوو بێڕێزی کردنیشە بە حافز کە خۆی لە لا بنوێنی. ئەگەر کاك عومبەر توانیویەتی بەیتێك لەسەر هەمان حاڵ و هەوای غەزەلەکەی حافز ڕێك خات و پێوەی زیاد کات بە ئاشکرا نیشانەی دابەزاندنی غەزەلەکەی حافزە کە وا ئەویش توانیویەتی بەیتێکی لێ زیاد کات و هیچ لەنگەش نەکات!

بۆ نموونە ئەم بەیتانە چۆن دەبێ لە ڕوویان هەڵبێ شانبەشانی غەزەلی حافز دانیشن:

- ۱۳: لێوی لەعلی دەقی جەماڵە عومەر/ چاوی نازی کەماڵی وەقر و عیتاب

- ٤٩: ئەو زرێباری مەریوانە دوعا کردە عومەر/ فەیلەقووسێ نییەتی قودرەتی دەروێشانە!
- کۆلیلی ئەی رەقیبە قەڵەم خوێن و جەوهەری/ دڵگەرمی لوتفی دۆسە شنەی سەرچناری یار
- ٣٦: ئێمە کۆلیلی غەمین و لەگەڵ ئێمە غەمە شاد/ عەهد و پەیمانی من و غەم وەکوو عەدڵ و عومەرە! (یەکێك لە خەسلەتە هەرە جوانەکانی حافز وەك شاعیرێك و وەك ئینسانێك ئەوەیە کە بە ئاشکرا لایەنگری لە هیچ مەزەب و ئایینێك نەکردووە و هیچ بیروباوەرێکی ئایینی زەق نەکردۆتەوە. رەنگە یەکێك لە خاڵە سنووربەزێنییەکانی حافزیش هەر ئەوە بێت. ئاخۆ ئەم بەیتە زەقە بۆ ئەوە دەبێ رەگەڵ ئەم بەیتە قەلەندەرانانەی حافز خرێت؟: جنگ هفتاد و دو ملت همه را عذر بنه/ چون ندیدند حقیقت ره افسانه زدند.)
- ٧٢: کۆلیل کێ بە سینە شل و نەرمە دڵڕەقە/ شیرینە هەر کە چەشنی روتەب وایە، چارە نین. (ناوئاخنێکی یەکجار زەریف و ناسكخەیاڵانەی تێدایە بەڵام حەیف هی کاك عومبەر نییە! حەزرەتی نالی دەفەرموێ: دەخیلت بم نەخیلی یا روتابی/ وەها شیرین و سینە نەرم و دڵڕەق!)
- ٩١: کۆلیل و تەرکی تورکی گلارت مەحاڵە، چون/ کەرکووکی ئارەزوومی غەمت کوفرە بۆ نەخۆم!
- ٩٤: بێجایە "گوڵشەنی راز" شەرحی بە زاری کۆلیل/ ئەمما بە لوتفی لێوی "تەفسیری خاڵ"ی شایەت!
- وتووتە جەژنە بە کۆلیل ئەدەم خەڵاتی ماچ/ بەڵێ وتوومە بەڕاسی، وەلێ بە قەستی مەزاح!

**وتەیەك:**

کەمترین زەرەری ئەم چەشنە وەرگێڕانانە بۆ کتێخانەی کوردی و بۆ خوێنەرەوەی کورد چین؟ یەکەم: ئەوەی کە هەندێ کەسی وەك حافز بە راستی هێندە بە نرخن کە تاوانە غەدریان لێ بکرێ. دووهەم: ئەوەی کە بەشێکی هەرە گەورەی میللەتی کورد هێندە تێکەڵاو فارسی نییە کە بتوانێ راستەوخۆ چێژ لە دیوانی فارسیی حافز وەرگرێ و ئەگەر کەوتە سەر هەوای حافز بێگومان بە شوێن کوردییەکەشیدا دەگەڕێ و ئەگەر ئەوەشی کەوتە بەر دەست لای وایە کە حافز ئەوەیە! سێهەم: بۆی هەیە جەماعەتێك لەبەر ئەوەی حافزیان لەبەر دەستە و لەبەر ئەوەی لەم کتێبەدا غەزەلە فارسییەکانیش چاپ کراون بیانهەوێت لە رووی ئەوانەوە شتێك لە زاراوەی سۆرانی تێبگەن، کە لە زۆر شوێناندا گیر دەکەن و سەر دەر ناکەن.

لام وایە کەسێك کە شان وەبەر کارێکی ئاوەها قورس و گران دەدات بەر لە دەست پێکردنی ئەم ئەرکە پێویستە خۆی رابێنێت و کەلێن و قوژبنان بپشکنێ و قسەی ئەم و ئەو ببیستێت و هەموو ئەو نووسینە گرینگانەی لەسەر کەسێکی وەك حافز  نووسراون وەگیر خات و بیانخوێنێتەوە. دەبێ لانیکەم چەندین وتاری لەسەر حافز بڵاو کردبێتەوە، چونکە کەسێك عاشقی حافز نەبێت ناتوانێ تێکەڵ دنیای حافز بێت، ئەگەر کەسێکیش تێکەڵ ئەو فەزایە ببێت گەلێك پرسیاری لە لا دروست دەبێ و گەلێك شڵەژانی بەسەردا دێ و هەر بەو پێیەش هەوێنی گەلێك وتاری دەست دەکەوێ.

سرنجێك: لەو ٤٩٥ غەزەلە کوردێنراوەدا بەیتی وا هەیە باش وەرگێڕدراوە و لەوانەیە غەزەلی واش و من هیچ ئینکاری ناکەم، بەڵام دەنکە دەنکەی دەغلێ لە ناو کۆگای چەت و کولۆشدا چ دێنێ؟ چونکە هەر مەرجی سەرەکیش باش وەرگێڕدرانێتی نەك تەمرین کردن. لە لایەکیتریشەوە بە دەگمەن بەیت و غەزەلێکی حافز بۆ ئەوە دەشێ چاوی لێ بنووقێنرێ. هەموو هەر بەڵگەن و هەڵە لەسەر هیچ کامیان بۆ لێبوردن نابێ.

- دیوانی حافز بە کوردی لەژێر ناوی "تاڤگەی ئەوین" لە لایەن زانستگای کوردستانەوە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە نزیکەی هەزار لاپەڕەدا بڵاو بۆتەوە.

سەر گۆی زەوی - خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی